گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/4y3xnz18

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/06/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 24/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# ڕۆڵی دەرهێنەر لە گۆڕینی هێما و ئاماژەکانی دەق بۆ وێنەی سینەمایی

**عدنان عثمان علي[1] ژيلوان طاهر بابير[2]**

adnanfilm@gmail.com zhilwan.bapir@su.edu.krd

[1]بەشی فیلمسازیی، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، کوردستان، عێراق

[2]بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق

**پوختە:**

هونەری سینەما، وەک بوارێکی زیندو و دینامیکی، بەردەوام لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و هونەرییەکاندا بوە. ئەم شۆڕشە تەکنەلۆژییە بوەتە هۆی سەرهەڵدانی ژانر و شێوازی نوێ و گۆڕینی تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان. بەڵام لە پشت هەمو ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییانەوە، هێزێکی سەرەکی و بزوێنەر هەیە کە زۆرجار وەک "سەربازێکی ون" کاردەکات و بینەران بە ئاسانی نایبینن: ئەویش دەرهێنەرە! دەرهێنەر بە کارەکتەری سەرەکی و بزوێنەری سەرکەوتنی هەر فیلمێک دادەنرێت. ئەو تەنها کەسێک نییە کە چاودێری بەرهەمەکەی بکات، بەڵکو بەرپرسیارێتی تەواوی لایەنە هونەری و تەکنیکییەکانی فیلمەکەی لە ئەستۆدایە. ئاستی ڕۆشنبیری، تێگەیشتن، زیرەکی و ئەزمونی دەرهێنەر، وەک مۆرێک بەسەر ناوەڕۆکی فیلمەکەوە دیارە و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کەسایەتیی هونەریی ئەوە. گرنگترین و بنەڕەتیترین ئەرکی دەرهێنەر، بریتییە لە توانای وەرگێڕانی دەق یان سیناریۆی نوسراو بۆ سەر زمانی جوڵاوی وێنە. لە کرداری بەوێناکردن کارەکتەرە بێ گیانەکانی سەر کاغەز، خوێن و گۆشت و ڕۆحیان بەبەردا دەکرێت و لەسەر شاشە دەجوڵێنەوە، ململانێ و دیمەن و ڕوداوە نوسراوەکان لە جیهانی وەستاو و خەیاڵیی کاغەزەوە دەگوازرێنەوە بۆ بەردەم کامێرا و دەبنە واقیعێکی بینراو، کرداری بەوێناکردن، کرۆکی دروستبونی فیلمە. بەبێ ئەم کردەیە، سیناریۆ تەنها کۆمەڵێک وشە و ڕستەی ڕیزکراوە و هێزی جولانەوەی نییە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەم ساڵانەی دواییدا سینەمای کوردی لە ڕوی تەکنیکییەوە هەنگاوی بەرچاوی ناوە. بەڵام نەبونی هاوتەریی لە نێوان ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە و قوڵیی فیکری و داهێنانی هونەری لە قۆناغی بەوێناکردندا، بۆشاییەکی دروستکردوە. واتە، لە کاتێکدا ئامرازەکان بەردەوام لە نوێبونەوە دان، بەڵام بیرکردنەوە و شێوازی گۆڕینی بیرۆکە بۆ وێنە، هێشتا پێویستی بە گەشەی زیاترە. هەر بۆیە، ئەم توێژینەوە زانستییە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، دەرهێنەر، هێما، دەق، وێنەی سینەمایی

# The Director's Role in Translating Symbols and Signs From The Text into Cinematic Imagery

Adnan Osman Ali[1] - Zhilwan Tahir Bapir[2]

[1]Filmmaking Department, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan, Iraq.

[2]Cinema And Theater Department, College of Fine Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan, Iraq.

**Abstract:**

We observe that cinema is in a constant state of change and development, both in terms of techniques and artistic form. It produces diverse films and outputs in terms of content and various complex models (dual propositions). Undoubtedly, all aspects and sections of film production have been influenced by the developments that occurred during the technological revolution.

What draws attention is that viewers do not easily notice the efforts of the "unknown soldier" in the entire process—the person who strives with all their energy to produce a good film. This unknown soldier is the director, who is credited with the film's success and bears the responsibility for its artistic and technical aspects. The director's understanding, cultural level, intelligence, and artistic experience manifest their impact and signature in the film's content. One of their primary duties is to translate the script, this written text, into a language of images, transforming static characters into vibrant individuals that come to life before our eyes, conveying the events and conflicts from the pages to the camera. The director bears the responsibility for these transformations, turning words, sentences, and scenes into imagination and visualization, which should be present in all films, regardless of their levels. Without imagination and visualization, there can be no event.

Thus, the director is the backbone of producing a good and distinguished film, especially in Kurdish cinema, which has undergone many changes and developments in both artistic and technical aspects. However, in terms of creating images and imagination, this does not progress in parallel with the ongoing developments. Therefore, in this research, we aim to shed light on this important and sensitive topic.

**Keywords:** Director, Role, Symbols, Text, Cinematic Imagery

## پێشەکی:

سینەما وەک هونەرێکی باڵا، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بوە. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا هونەرێکی بینراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری دەیان مانای قوڵی فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و پەروەردەییە. هەر لەبەرئەم هۆکارەشە دروستکردنی فیلم شێواز و ژانر و قوتابخانەی هەمەجۆری هەیە کە دەرهێنەران لە سەرانسەری جیهاندا کاری لەسەر دەکەن و هەر یەکێکیان بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی هەوڵدەدات چیرۆکێک بە جوانترین شێوە بگەیەنێتە بینەر. بێگومان، دروستکردنی فیلمێکی سینەمایی کە پەیامی مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی و ئاشتی و جوانیی هەڵگرتبێت، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دروستنابێت، بەڵکو بە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی قۆناغ بە قۆناغدا تێدەپەڕێت. سەرەکیترین توخم کە فیلمی سینەمایی لە باوەش دەگرێت و بەبێ ئەو ناتوانێت هەنگاوە سەرەتاییەکانی بنێت، بریتییە لە دەق یان سیناریۆ. لێرەوە گۆڕانکارییە ئەفسوناوییەکە دەستپێدەکات؛ کاتێک گیان دەکرێت بەبەر وشەکاندا و

کارەکتەرەکان لە زنجیری سەر لاپەڕەکان ڕزگاریان دەبێت و دەبنە بونەوەرێکی زیندوی بینراو لەسەر شاشەی سینەما. سەرچاوەی دەقەکان هەمەچەشنن، لەوانەیە چیرۆکێک، ڕۆمانێک، شیعرێک، بەسەرهاتێکی نەنوسراو، ئەفسانەیەک یان ڕوداوێکی مێژوویی بێت، وەک لە نمونەی فیلمەکانی (پیرەمێرد و زەریا) و (شەڕ و ئاشتی)دا دەیبینین. کاتێک بیرۆکەیەک باوەڕ بە بەرهەمهێنەر دەهێنێت، دەدرێتە نوسەرێکی تایبەتمەند تا بیکاتە سیناریۆیەکی تۆکمە. پاشان ڕۆڵی دەرهێنەر وەک ئەندازیاری فیلمەکە دەردەکەوێت، کە قۆناغە هەرە سەخت و داهێنەرانەکەی بەفیلمکردنی لە ئەستۆدایە. ئەو وەک داڕێژەر و خاوەنی ستراتیژی فیلمەکە، وشە نوسراوەکان دەگۆڕێت بۆ گرتە، ڕستەکان بۆ دیمەن و بەشەکان بۆ ئیپیزۆد، هەروەها ئاراستە و ئامانجی کۆتایی چیرۆکەکە دیاری دەکات. بەڵام وەک دەزانین کاری فیلمسازی کارێکی دەستەجەمعییە و تەنها بە دەرهێنەر هەمو کارەکان جێبەجێنابن. ئەو ناتوانێت وەک (سوپەرمان)ێک هەمو ئەرکە قورسەکانی پرۆسەی بەوێناکردن بە تەنیا ڕاپەڕێنێت، بۆیە دەبێت تیمێکی کارامە و شارەزا لە هەمو بوارەکانی تەکنیکی و هونەریدا هاوکاری بکەن. بەڕێوەبەری وێنەگرتن بەرپرسە لە ڕوناکی و جوانیی وێنەکان و بیرۆکەکانی دەرهێنەر لە ڕێگەی کامێراوە دەکاتە واقیع. ئەکتەرەکان، بەتایبەتی ئەکتەری سەرەکی، ڕۆح بەبەر کارەکتەرەکاندا دەکەن و سەرە داوی دراماکە بە دەستی ئەوانە. لەلایەکی ترەوە، دیزاینەری دەنگ و موزیک قوڵایی بە هەست و سۆزەکان دەبەخشن و مۆنتێر لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا گرتەکان کۆدەکاتەوە و ڕیتمی گشتیی فیلمەکە دادەڕێژێت. جگەلەمانەش، ستافەکانی دیکۆر، ماکیاژ و پرۆپس ڕۆڵێکی کاریگەریان لە دروستکردنی فیلمەکە و پێشخستنی ڕوداوەکاندا هەیە. لە کۆتاییدا، هەمو ئەم ستاف و گروپە گەورانە لە ژێر ڕێنمایی و ئاراستەکانی دەرهێنەردا کارەکانیان ئەنجام دەدەن. دەرهێنەر وەک ڕابەری ئۆرکێسترایەک وایە کە هەمو توخمە جیاوازەکان پێکەوە دەبەستێتەوە تا چیرۆکی فیلمەکە بە جوانترین شێوە پێشکەش بە بینەران بکەن. ئەم توێژینەوەیەش بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەم پرۆسە ئاڵۆزە و ڕۆڵی بنەڕەتیی دەرهێنەر و سەرچاوەکانی دەق لەم نێوەندەدا.

**بەشی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە:**

**١-١ گرفتی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دەرهێنەر لە گۆڕینی هێما و ئاماژەکانی دەق بۆ وێنەی سینەمایی) توێژینەوەیەکی (شیکاری وەسفی)یە تیشک دەخاتە سەر هەنگاوەکانی گۆڕینی دەق بۆ زمانی وێنە، هەڵبەتە ئەم کردارەش بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرکی دەرهێنەری فیلمە، چونکە ئامرازەکانی گۆڕینی دەق یان سیناریۆی ئەدەبی بۆ سیناریۆی تەکنیکی پێویستی بە خەیاڵ و تێڕوانین و ئەندێشەی دەرهێنەر هەیە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم بابەتە بۆ دەرهێنەرە سینەماییەکانی کورد دەگەڕێتەوە، چونکە وەکو پێویست نەتوانراوە زمانی وشە بگوازرێتەوە بۆ زمانی وێنە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی دەق یان سیناریۆ لەگەڵ کەمی ژمارەی دەرهێنەرانی پسپۆڕ و ئەکادیمی لە بواری سینەمادا، زۆر پێویستە دەرهێنەر هێما و ئاماژەکانی ناو تێکستە ئەدەبییەکان بگۆڕێت بۆ زمانی وێنە، لەمیانی بەکارخستنی سەرجەم کەرستەکانی تەکنیک و تەکنەلۆژیای سینەمایی، هونەرەکانی سینەما وەک هونەری حەوتەم سەرجەم هونەرەجوانەکانی لە بینراوە سینەماییەکاندا کۆکردۆتەوە، لە ناو دەق یان سیناریۆ چەندین هێما و ئاماژەی سیمیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی هەیە هەر بۆیە گۆڕینی زمانی وشە بۆ زمانی وێنە پێویستی بە تەکنیک و فەنتازیای دەرهێنەر هەیە، نەخشە ڕێگای ئەنجامدانی فیلمی سینەمایی لەدەق دەستپێدەکات، هەربۆیە دەق یان سیناریۆ بە دڵی فیلمی سینەمایی

ناوزەددەكرێت، پێویستە دەرهێنەر بەشێوەیەكی ورد و لێزان و كارامە شرۆڤەی دەق فیلم بكات. لەسەر بنەمای فیكری و هونەری و ئیستاتیكی. لە میانی گرفتی توێژینەوە دەپرسین؟

١- ئایا دەرهێنەرانی سینەما سود لە چ سەرچاوەیەك وەردەرگرن بۆ بنیادنانی دەق یان سیناریۆ؟

٢- ئایا دەرهێنەری كورد توانیویەتی دەقێكی سینەمایی بەشێوەیەكی شیاو و كاریگەر لە ڕێگای تەكنیكەكانی سینەما بۆ زمانی وێنە بگۆڕێت؟

## ١-٢: گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەم چوارچێوەی خوارەوە دەردەكەوێت.

١. لە ڕوی ئەكادیمی و زانستییەوە:

ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ فیلمسازان بەتایبەتی نوسەری دەق و دەرهێنەر و ئەكتەر و هونەركاران و ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری سینەما.

٢. لە ڕوی پیشەییەوە:

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سود دەگەیەنێت بە ناوەندە ئەكادیمی و هونەرەییەكانی بورای فیلمسازی و گروپ و سەنتەر و كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی فیلم.

٣. لە ڕوی سودەكانی بۆ كۆمەڵگا:

ئەم توێژینەوەیە ڕێگەچارەیەكە بۆ نوسینەوە و نەفەوتانی چیرۆك و داستان و ئەفسانە و دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی ناو تاكەكانی كۆمەڵگای كوردی و بە وێنەكردنیان لە ڕێگای دەرهێنەری سینەمایی و ناساندنیان بە گەلانی دونیا.

## ١-٣: ئامانجەكانی توێژینەوە:

ئامانجەكانی توێژینەوە لە میانی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەردەكەون:

١- دەستنیشان كردنی شێوازی ئەو دەق و نوسین و بەسەرهاتانەی كە لە نێو كۆمەڵگای كوردی هەیە و بۆ سینەما سود بەخشن و كاریگەری ئەرێنیان دەبێت.

٢- بایەخدان بە تواناكانی دەرهێنەری كورد و گرنگی دان بە پرۆسەی بە وێنەكردنی دەقە سینەماییەكان.

٣- دەرخستنی هەمو هێما و ئاماژەكانی دەق لە ڕێگەی دەرهێنەری سینەمایی.

٤- ناساندنی فیلمی كوردی بەگەلانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا.

٥- خستنەڕوی پەیوەندییە گرنگەكانی دەرهێنەر لەگەڵ ئەكتەرەكان و ستافەكانی تەكنیكی.

٦- كاریگەری دەرهێنەری كورد بە دەقە سینەماییەكان و چۆنیەتی گۆڕینی بۆ زمانی وێنەی سینەمایی.

٧- دەرخستنی لایەنەكانی ئەرێنی و نەرێنی لە فیلمی كوردیدا سەبارەت بە قۆناغەكانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییان بە پرۆسەی بە وێنەكردن.

٨- تیشک خستنە سەر فیلمە سینەماییە كوردییەكان و چۆنیەتی سود وەرگرتنیان لە چیرۆك و ڕۆمان و تێكستەكان.

٩- بەدیارخستنی كاریگەری قوتابخانەكانی سینەمای جیهانی لەسەر دەرهێنەری كورد.

## ١-٤: سنورەكانی توێژینەوە:

سنوری شوێن: هەولێر- هەرێمی كوردستان - عێراق

سنوری کات: ساڵی بەرهەمهێنان و نمایشکردن ٢٠١٢

سنوری بابەت: لە دوتوێی ئەم توێژینەوەدا فۆکەس دەخرێتە سەر (ڕۆڵی دەرهێنەر لە گۆڕینی هێما و ئاماژەکانی دەق بۆ وێنەی سینەمایی)، لە ڕێگەی بە وێنەکردنی هێما و ئاماژەکانی ناو دەق بە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی.

**١-٥: پێناسەی زاراوەکان:**

**یەکەم: ڕۆڵ:**

ڕاپەڕاندنی کارێک یان ئەرکێکی دەستنیشانکراو کە جیایبکاتەوە لە کارەکانی دیکە و تایبەتمەندی بە کەسێک ببەخشێت و ئەویش لەو ئەرکەیدا ڕۆڵ بگێڕێ"فەرهەنگی وێبستەر لە ڕوی زمانەوانییەوە زاراوەی ڕۆڵ پێناسە دەکات: ئەو بەشەیەکە مرۆڤ لە دۆخێکی دیاریکراودا دەیگێڕێت"(Webster's,1993, 862) لە پێناسیەکی دیکەدا هاتوە: "لە فەلسەفەی (دولوز) وێنە ئامرازێکە بۆ دەربڕینی جوڵە. ئەو ڕۆڵانەی کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا دەیگێڕن، دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو وێنانەی جوڵە بەرهەمیهێناون خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بە واتایەکی تر ڕۆڵی هەر تاکێک، ئاماژەیەکی زیندوە بۆ کارلێکی لەگەڵ دەوروبەر"(دولوز، ١٩٩٧، ١٠٧)، لە دەرئەنجامی ئەم پێناسانە و کۆمەڵێک پێناسەی تر بۆمان دەدەکەویت کە(ڕۆڵ)، ڕەفتارێکە یان کۆمەڵە کردارێکی مومارەسەکراوە، کەسێکی هونەرمەند یان ئارەزومەند لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو هەڵیدەگرێت و لە نێو کارەکەیدا بەکاریدەهێنێت و بەوە دەناسرێتەوە کە بتوانێ کاریگەری لەسەر دەوروبەری خۆی دابنێت.

**دووەم: دەرهێنەر:**

زاراوەی "دەرهێنەر" ئاماژەیە بۆ ئەو کەسایەتییە سەرەکییەی کە ئەرکی گۆڕینی دەقی نوسراو (سیناریۆ) بۆ بەرهەمێکی بینراوی جوڵاو لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم پرۆسەیە تەنها گواستنەوەیەکی سادە نییە، بەڵکو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی تەواوی لایەنە هونەری و تەکنیکییەکانی فیلمەکەیە، "دەرهێنەر، پێش هەمو شتێک، دەبێت خاوەنی تێگەیشتنێکی قوڵ و هەمەلایەنە بێت بۆ دەقەکە. ئەم تێگەیشتنە بنەمایەکە کە ڕێگەی پێدەدات شیکارییەکی وردی بۆ بکات و لە ئەنجامدا، چارەسەری وێنەیی گونجاو بدۆزێتەوە، کە خزمەت بە گواستنەوەی جەوهەری دەقەکە بۆ سەر شاشە بکات"(ڕۆم، ٢٠١١، ١٥)، دیارە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان دەرهێنەری سینەماییە کە لە زمانی عەرەبی پێیدەگوترێت (مخرج) هەروەها لە زمانی ئینگلیزی پێیدەگوترێت(Director).

"دەریهێنا، دەرهینان، دەرهێنەر: وشەیەکە زمانی ئینگلیزی لە بناغەوە لە وشەی (direct)ی زمانی لاتینی وەریگرتوە، بەڵام وشە ڕاستەقینەکە لە لاتینی (diregere)ە بەمانای هەڵدەستێت، چاکی دەکات، ئاراستە دەکات، ڕێنیشاندەرە، مانا سینەماییەکەی کرداری (direct) دەرهێنانە، مەبەست ئەوکەسەیە کە فەرمان دەکات، ئامۆژگاری ستافی کاردەکات و تیمەکەی ئاراستە دەکات بۆ ئەو کارەی کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن". (جاکسون، ٢٠٠٨، ١٣٠-١٣١)، دەرهێنەر ڕابەر و سەرکردەی هەر فیلمێکی سینەماییە و لە پێشەوەی تیمە هونەرییەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت.

**سێیەم: هێما:**

هێما واتایەکە بۆ ئاماژەدان بە مانایەکی قوڵتر یان ناڕاستەوخۆ باسکردن یان گێڕانەوەی بابەتێک یان بە نوێنەرایەتی بابەتێکی تر، لە چوارچێوەی دەقێک یان گوتارێک یان وێنەیەک یان شێوەیەک ئاماژەی بۆ دەکرێت. "هێمای سینەمایی تەکنیکێکی بینراو یان بیستراوە، بەکاردێت بۆ گەیاندنی واتایەک کە لە مانای دەقاودەقی وێنە یان دەنگ تێدەپەڕێت، ئەمەش بۆ گوزارشتی زیاتر ڕێگە بە چینە واتایەکی قوڵ دەدات".(Monac, (2009), 174) هێماکان

جۆراوجۆرن وەک هێمای کەسی، هێمای ڕۆشنبیری، هێمای ناوخۆیی، هێمای جیهانی. هەروەها هێماکان لە ئەدەبدا جۆرێکی ترن وەک کۆتر هێمای ئاشتییە، شەو هێمای ترس و مردنە... هتد.

**چوارەم: دەق:**

دەق، لە جەوهەردا، تۆمارێکی زیندوی ڕۆحی سەردەمێکە کە لە نێو بارودۆخێکی دیاریکراودا لە ئەزمونە تاکەکەسی و گشتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئامانجی ئەم تۆمارکردنە مێژوییە، گواستنەوەی کۆی ئەزمونەکانی نەوەیەک بۆ نەوەی داهاتوە. ئەمەش یان وەک درێژەپێدان بە میرات و کاریگەرییەکەیەتی، یانیش لایەنی کەم، وەک ڕێبەر و چرایەکی ڕێنوێنییە بۆ داڕشتنی داهاتو."دەق گۆڕانکارییەکی خۆبەخشانەیە لە زارەکییەوە بۆ نوسراو، بە مەبەستی تۆمارکردنی هەڵوێستەکان و بە خێرایی کۆدکردنیان، لە فرەییەوە بۆ یەکگرتویی و لە جیاوازییەوە بۆ ڕێککەوتن. دەق بەم مانای نەهێشتنی فرەییە لە ئێستادا و پەسەندکردنە بۆ یەکگرتویی لە داهاتودا، سنوردارکردنی ئێستا و درێژکردنەوەیە بۆ داهاتو بۆ ئەوەی ڕۆح لە مێژودا بمێنێتەوە و نەوەکان بیرکردنەوە بە میرات بگرن."(حنفي،٢٠١٧، ٣٠١)

مەبەستمان هەر دەقێکی یان هەر تێکستێکی نوسراوە یان نە نوسراوە کە خۆی لەفۆرمی بیرۆکە یان چیرۆک یان ڕۆمان یان سیناریۆ، شیعر و پەخشان یان هەواڵ دەدۆزێتەوە.

بێگومان لە دەقەدا کۆمەڵێک ڕەگەز بونیان هەیە و بە هۆیەوە دەق بەهێز دەبێت و بنەماکانی چیرۆکێکی هونەری لێ بەدی دەکرێت ڕەگەزەکانیش بریتین لە وشە، شوێن و کات، کەسایەتییەکان، ململانێ، شێواز، خەیاڵ، قوڵایی، هەست و سۆز، ئاماژە، ڕیتم، لەبەرامبەریشدا لە کاری فیلمسازیدا هەر وشەیەک لێکچوی گرتەیەکە و هەر ڕستەیەکیش لێکچوی دیمەنێکە.

**پێنجەم: وێنەی سینەمایی:**

ئەو سیستمە دەربڕینەیە کە تێیدا وێنە جێگەی وشە، گرتە جێگەی ڕستە، و دیمەن جێگەی پەرەگراف دەگرێتەوە. ئەرکی سەرەکیی دەرهێنەر و تیمی فیلمسازی بریتییە لە وەرگێڕانی وشە نوسراوەکان بۆ ئەم زمانە بینراوە. ئەمەش بە سودوەرگرتن لە تەکنیک و تەکنۆلۆژیای بەردەست و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی هونەری و گونجاو لە کات و شوێنی خۆیدا."هەمو بنەچەکانی زمانی سینەمایی یان زمانی وێنەیی دەمێکە لەسەر شاشە ئامادەگییان هەیە. سینەماکاران سەرەڕای جیاوازی شوێنی جوگرافی و شێوازی کارکردنیان بەکاریدەهێنن، وەک ئاکیرا کیرۆساوا لە ژاپۆن، ئینگمار بێرگمان لە سوید، فێدریکۆ فێلینی لە ئیتاڵیا، ساتیاجیب ڕەی لە هیندستان. ئەمانە و زۆر سینەماکاری تر لە پێناو چارەسەرکردنی هەندێک کێشە کە لە ڕێگەی گێڕانەوەی وێنەیی سەرهەڵدەدەن بنەچە گشتییەکانی زمانی سینەما بەکاردەهێنن."(اریخون،١٩٩٧، ١٢)، زمانی سینەمایی، کە بە زمانی وێنەش ناسراوە، بریتییە لە سیستەمێکی ئاڵۆزی دەربڕین کە لە کۆمەڵێک ڕەگەز و تەکنیکی تایبەت پێکدێت و لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمدا بەکاردەهێنرێت. ئەم زمانە وەک پردی پەیوەندی نێوان فیلمسازان (دەرهێنەر، سیناریۆنوس و تیمی کار) و بینەر کاردەکات، کە لە ڕێگەیەوە بیرۆکە و چیرۆکەکان بە شێوازێکی هونەری و ڕون دەخرێنەڕو. زمانی سینەما بەهۆی دەوڵەمەندیی پێکهاتەکانییەوە، کە توخمەکانی وەک چوارچێوەی وێنە، گۆشەکانی کامێرا، ڕوناکی، جوڵە و مۆسیقای لەخۆگرتوە، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ گوزارشتکردن، هەمو ئەمانە بەشدارن لە گەیاندنی وردی پەیامی فیلم.

## بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### ١-٢ سەرچاوەکانی دەقی سینەمایی:

بنەمای سەرەکی هەر بەرهەمێکی سینەمایی، دەقە. سیناریۆ وەک بڕبڕەی پشت و بناغەی سەرەکی دادەنرێت کە تەواوی فیلمەکەی لەسەر دادەمەزرێت. لەم ڕێگەیەوە کارەکتەرەکان لەدایکدەبن و چیرۆکەکە گەشە دەکات. هەبونی دەقێکی بەهێز، زامنی نوسینی سیناریۆیەکی تۆکمەیە، کە ئەمەش لە ئەنجامدا ڕێگە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی نایاب و کاریگەر خۆش دەکات. هەر وەک دەرهێنەری بەناوبانگ، ئەلفرێد هیچکۆک، جەختی لەسەر کردوەتەوە و دەڵێت: (بۆ دروستکردنی فیلمێکی مەزن، سێ شتت پێویستە: سیناریۆ، سیناریۆ و سیناریۆ). "دەق بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکان دادەنرێت کە سیناریۆنوس ئیلهام بۆ بیرۆکە سینەماییەکانی لێوەردەگرێت. بەرهەمی ئەدەبی لە نێوان کورتە چیرۆک، ڕۆمان، دەقی ئەدەبی، شانۆنامە، یان بابەتی بچوکی ئەدەبیدا جیاوازە. گرنگترین شت کە نوسەر لە کاتی ئامادەکردنی سیناریۆیەک بۆ چیرۆکێکی ئەدەبی یان ڕۆمانێک ڕوبەڕوی دەبێتەوە، کێشەی هەڵبژاردنە"(ربة،٢٠٠٩، ٢٢-٢٣)، کۆمەڵێک سەرچاوە بۆ نوسینی سیناریۆ بونیان هەیە کە نوسەران و دەرهێنەران دەتوانن سودی لێوەرگرن و بیکەنە بەشێک لە پرۆگرامی گەڕان و دۆزینەوەی بابەتە شیاوەکان بۆ دروستکردنی فیلمێکی جوان و بەسود.

**یەکەم: چیرۆک و شیعر و ڕۆمان:**

چیرۆک و شیعر و ڕۆمان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ نوسینی دەقی فیلم"هەروەکو دەزانن شتێک هەیە هونەری سینەما و شانۆ و هونەری ڕۆمان بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە، ئەویش هونەری گێڕانەوەیە، واتا گێڕانەوەی ڕوداوەکان، بەڵام هەریەکەیان بەشێوەی خۆی تا ئەو پانتاییەی بۆی دەستنیشانکراوە. کەواتە فیلم چیرۆکێکە لە ڕێگای وێنەوە دەگێڕدرێتەوە، هەروەکو ڕۆمان چیرۆک بە وشە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئامرازی کاریگەریان جیاوازە، چونکە کاریگەری میکانیکی ئامێری جیاوازە لەکاریگەری ئەدەبی. "(کەرکوکی، 2010، 27)، زۆرجار تەنانەت لە هۆنراوەش دەتوانرێت بیرۆکەی جوان وەربگیرێت و ببێتە بناغەیەک بۆ نوسینی دەقێک کە دواتر بۆ سینەما کەڵکی هەبێت.

**دووەم: شانۆنامە:**

شانۆنامەکان، بەتایبەتی بەرهەمی نوسەرە بەناوبانگەکان، بە سەرچاوەیەکی گرنگ و مێژویی دادەنرێن کە فیلمسازان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سەرکەوتو و کاریگەر، بەردەوام سودیان لێ وەرگرتوە.

**سێیەم: مێژو:**

بەشێک لەدەرهێنەرە جیهانییەکان حەز بەفیلمی مێژویی دەکەن و هەمو هەوڵ و توانای خۆیان بۆ سەرکەوتنی کارەکەیان دەخەنەگەڕ، "مێژوی ئێمە پڕە لە ڕوداوی سەرنجراکێشە کەم نەتەوە هەیە هێندەی کورد کارەسات و ڕوداوی بەسەرهاتبێت. دەکرێت ڕوداوە مێژوییەکان ببنە سەرچاوەیەکی باش بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەیەک بۆ چیرۆکەکان."(ئەزیز، ٢٠١٨، ٣٥)

**چوارەم: داستان و ئەفسانە:**

گێڕانەوەی زارەکی لەناو کەلتوری کوردیدا، بەتایبەتی لەسەر زاری کەسانی بەتەمەن، خەزێنەیەکی دەوڵەمەندی بەسەرهاتی درامی، ئەفسانەیی و حەقایەتی فۆلکلۆرییە. ئەم گێڕانەوانە، کە بە شێوازێکی وەستایانە پێشکەش دەکرێن، توانایەکی سەرسوڕهێنەریان هەیە لە ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر لە هەمو تەمەنێکدا. گرنگیی ئەم نەریتە لەوەدایە کە زۆرجار ئەو ڕوداو و چیرۆکانە دەگوازێتەوە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی نوسراوی تردا بەدیناکرێن، بەمەش دەبێتە

یادەوەرییەکی زیندو و پارێزەری بەشێکی گرنگی مێژوی نافەرمیی نەتەوەیەک، کە دەکرێت وەک سەرچاوەیەک سودی هەبێت بۆ نوسینی سیناریۆ.

**پێنجەم: ئینتەرنێت:**

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و سەرهەڵدانی ئینتەرنێت، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی و کەم خەرج، خزمەتێکی بەرچاوی بە سینەما کردوە. ئێستا ئینتەرنێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پلاتفۆرمە جیاوازەکانەوە، بوەتە ئاسانترین ڕێگە بۆ دۆزینەوەی بیرۆکە و ئیلهامی نوێ و ئاگاداربون لە ڕوداوە کاریگەرەکانی جیهان و ناوخۆ بۆ فیلمسازان.

**شەشەم: هەواڵ:**

هەواڵە سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتی ئابوری و گەشتیاری و کارەساتەکان و ڕوداوەکان ژیانی ڕۆژانەی خەڵک سەرچاوەیەکی باشە بۆ دەستکەوتنی بیرۆکە و چیرۆکی تەواونەکراو، زۆرێک لە نوسەران متمانە دەکەنە سەر هەواڵەکان بۆ دۆزینەوەی بابەت، سەرچاوەکانی هەواڵ لەچەند بەشێک پێکدێن.

١-کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن.

٢-کەناڵەکانی ڕادیۆ.

٣-ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

**٢-٢ پەیوەندی نێوان دەق و گێڕانەوەی سینەمایی:**

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سینەما پەیوەندییەکی ئاڵۆز و کاریگەرە، کە لەسەر بنەمای گێڕانەوە دامەزراوە. لە کاتێکدا سینەما چیرۆک لە ڕێگەی وێنە و دەنگەوە دەگێڕێتەوە، مێژوی ئەم دو هونەرە بەشێوەیەکی قوڵ پێکەوە گرێدراوە. بەپێی مێژونوسی فەرەنسی، جۆرج سادۆل، ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٩٠٧-١٩٠٩)کاتێک سینەما بەهۆی "قەیرانی بابەت"ەوە لەسەر لێواری هەرەس و لەناوچون بو. لەو ساتە چارەنوسسازەدا، سینەما پەنای بۆ ئەدەب و بەتایبەتیش ڕۆمان برد. چیرۆکە ئەدەبییەکان بونە ئەو خوێنە تازەیەی کە جارێکی تر ژیانی بەبەر جەستەی سینەمادا کردەوە و لەو چەقبەستنە ڕزگاری کرد. "(جبارة،٢٠٢١، ١٤)، سەرەڕای ئەو پەیوەندییە نزیکەی لە نێوان ئەدەب و سینەمادا هەیە، بەڵام لە شێوازی گێڕانەوە و دەربڕیندا جیاوازیان زۆرە.

**٢-٣ بنەماکانی دەرهێنان:**

سینەما سیستەمێکی هونەری، تەکنیکی و فیکریی ئاڵۆزە کە لەسەر بنەمای زانستی دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی تەنها گێڕانەوەی چیرۆک نییە، بەڵکو دروستکردنی پەیوەندییەکی قوڵە لەگەڵ هەست و دەرونی مرۆڤدا. ئەمەش لە ڕێگەی زمانە تایبەتەکەیەوە دەیکات کە لە وێنەی جوڵاو و دەنگ پێکدێت و سنورە جوگرافی و زمانەوانییەکان دەبەزێنێت. لە ئەنجامدا، بەرهەمی کۆتایی ڕەنگدانەوەی "شێوازی" تایبەتی دەرهێنەرە، کە وەک مۆرێک بەسەر کارەکەوە دیارە (وەک ترس لە فیلمەکانی هیچکۆک و تێڕامان لە ژیان و مردن لە فیلمەکانی بێرگمان). بۆیە ناسینی ڕۆڵ و کاریگەریی دەرهێنەر، کلیلە بۆ تێگەیشتن لە فیلم.

**٢-٤ دەرهێنەر کێیە:**

دەرهێنەر ئەو کەسایەتییە سەرەکییەیە کە سەرکردایەتی و ئاراستەکردنی تیمی هونەری و تەکنیکی فیلمێک دەکات. ئەرکەکانی بریتین لە دیاریکردنی کارەکان و بڕیاردانی کۆتایی لەسەر هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان، و لە کۆتاییدا بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە لەو وێنە سینەماییەی کە لەسەر شاشە نمایش دەکرێت. "دەرهێنەر ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە دابەشکردنی دیمەنەکانی سیناریۆ بۆ چەند گرتەیەک و هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ هەریەکێک لەدیمەنەکان و هەڵبژاردنی گۆشەی کامیرا و چۆنیەتی گرتەکە و جوڵە و چۆنیەتی دەربڕینی دیالۆگ لەلایەن ئەکتەرەکانەوە". (مەحمود،٢٠١٠، ٨٤)

## ٢-٥ کاری دەرهێنەر چییە:

یەکەمین و بنەڕەتیترین هەنگاو لە پرۆسەی ئاڵۆزی دەرهێناندا، دیاریکردنی چوارچێوەی شێواز و ژانری گونجاوە بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکە. ئەم بڕیارە ستراتیژییە، ئەو بناغە فیکری و هونەرییە دادەڕێژێت کە چۆنیەتی وەرگێڕانی دەقی نوسراو بۆ زمانی وێنەی سینەمایی لەسەر شاشە دیاری دەکات."دەرهێنەر لە هەمو قۆناغەکانی فیلمدا دەور دەبینێت وەکو شوێنی وێنەگرتن و هەڵبژاردنی هەمو هۆکارەکانی بنیاتنانی فیلم و گروپەکانی تەکنیکی و هونەری، کە لە هەمویان دەورێکی چالاک و ڕاستەوخۆی هەیە، ڕێبەری هەمو بەشەکان دەکات و هەر بەشێکیش دەبێت دەرهێنەر لە ئەنجامی کارەکەی ئاگاداربکاتەوە، بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین دەرهێنەر ئەو کەسەیە کە زیاتر لە بەرهەمهێنەر بەرپرسە لە وێنەی کۆتایی فیلم، ئەو کەسەیە ڕێبەری ئەکتەرەکان دەکات، لەڕوی چۆنیەتی ئاخاوتن و جوڵە و وەستانیان لە بەرامبەر کامیرا و هەندێک تەکنیکی هونەری تر کە لە فیلمدا پێویستن."(جنگیز، ٢٠٠٨، ١٠)

## ٢-٦ ژانرەکان(جۆرەکانی فیلم):

فیلم بە پشتبەستن بە تەوەرەکانیان و بابەت و شێوازی گێڕانەوە و کاریگەری و تایبەتمەندی ئامانجەکانیان پۆلێن دەکرێن بۆ ژانرەکان، لێرەدا لیستێک لە دیارترین جۆرەکانی فیلم دەخەینەڕو:

١-فیلمی سەرکیشی (مغامره)

٢-فیلمی کۆمیدی:

٣-فیلمی تاوانکاری:

٤-فیلمی درامی:

٥-فیلمی ترسناک:

٦-فیلمی خەیاڵی زانستی:

٧-فیلمی ڕۆمانسی:

٨-فیلمی ئەکشن:

٩-فیلمی دۆکیۆمێنتاری

١٠-فیلمی موزیکاڵ:

١١-فیلمی داستانی:

١٢-فیلمی جەنگ و دژە جەنگ:

## ٢-٧ شێوازەکانی دەرهێنانی سینەمایی:

بریتییە لەو سیستەمە یەکگرتوەی کە لە کۆمەڵێک هەڵبژاردنی هونەری و تەکنیکیی هەمەچەشن پێکدێت. ئەم سیستەمە، ئەو زمانە بینراوە تایبەتە دادەڕێژێت کە دەرهێنەر بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنی دیدگا و گێڕانەوەی چیرۆکەکەی. بەواتایەکی تر، شێوازی دەرهێنان ئەو میکانیزمەیە کە ناوەڕۆکی فیلم لە ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ بینەر و کاریگەرییە فیکری و سۆزدارییەکانی لەسەر دادەنرێت."بە سادەترین گوزارشت، شێوازی دەرهێنەر واتا ئەو ڕێگایەی کە بە زمانی گوزارشتەوە کەسایەتی خۆی بە ناوازە پێشکەش دەکات، وشەی شێواز وشەیەکی گشتگیرە چونکە لە هەمو بڕیارەکانی دەرهێنەر ڕەنگدەداتەوە، ناسکی لە هەست و هێزی بیرکردنەوە وای لێدەکات جیاواز بێت،(بوجر،١٩٩٥، ١٩٤)

بەگشتی شێوازەکانی دەرهێنان زۆرن و لە ئەژمار نایەن بەڵام لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین شێوازە سەرەکییەکانی دەرهێنان بخەینەڕو.

١-شێوازی واقیعی (ڕیالیزمی و ڕیالیزمی نوێ)

٢-شێوازی گوزارشتکار(تەعبیری)

٣-شێوازی فۆرم

٤-شێوازی ئەزمونی(ئێکسپرێمێنتاڵ)

٥-شێوازی بەڵگەنامەیی

## ٢-٨ گرنگترین قوتابخانەکانی سینەمایی:

قوتابخانە سینەماییەکان پێناسەدەکرێن بەو ڕەوتە فیکری و جوانیناسییە بەکۆمەڵانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەرکەوتون و بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئاڕاستەی گەشەسەندنی هونەری سینەمایان لەسەر ئاستی جیهان دارشتوە. هەر یەک لەم قوتابخانانە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی شێواز، تەکنیکی و بابەتیی هاوبەشن کە ناسنامەیەکی ناوازە و جیاکەرەوەیان پێدەبەخشێت. لەم پارەدا، تیشک دەخرێتە سەر دیارترین ئەو قوتابخانانەی کە شوێنپەنجەیان بەسەر مێژوی سینەماوە بەجێهێشتوە.

١- قوتابخانەی تەتعبیری ئەڵمانی:

٢- قوتابخانەی سینەمای شۆڕشگێڕی لە ڕوسیا:

٣- ڕیالیزمی شیعریی فەرەنسی:

٤- ڕیالیزمی نوێی ئیتاڵی:

٥- شەپۆلی نوێی فەرەنسی:

٦- شەپۆلی نوێی سینەمای بەریتانی یان سینەمای ئازاد:

٧- سینەمای ڕاستەوخۆ یان سینەمای ڕاستی(حەقیقەت) Direct Cinema

٨- سینەمای ئەڵمانی نوێ:

٩- شەپۆلی نوێی ئەمەریکی:

١٠ - شەپۆلی دۆگما٩٥ ی دانیمارکی:

**٢-٩ پەیوەندی نێوان دەرهێنەر و ستافی تەکنیکی و هونەری لە پێناو بە وێناکردنی دەق:**

بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی بەپێی ستاندارده ئەکادیمییەکان، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە کە پێویستی بە تیمێکی کارای هەمەچەشن هەیە، لە ئەکتەر و پسپۆڕانی تەکنیکییەوە تا ستافی ئیداری و خزمەتگوزاری. ئەم پێکهاتە مرۆییە لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی پلەبەندی کاردەکات، کە تێیدا سەرۆکی تیمە جیاوازەکان لە ژێر ڕێنمایی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی دەرهێنەردا کارەکانیان ئەنجامدەدەن. تەواوی پرۆسەکە بە سێ قۆناغی سەرەکیی بەرهەمهێناندا (پێش-بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنان، پاش-بەرهەمهێنان) تێدەپەڕێت، کە هەر قۆناغێک بەپێی پلانێکی وردی بەرهەمهێنان و بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی وەک ژانر، بودجە و ناوەڕۆک جێبەجێدەکرێت. سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بەندە بە بونی دەرهێنەرێکی خاوەن دیدگای ڕۆشنبیرانە و کاریزمای سەرکردایەتی، کە خاوەنی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەیە لە تەواوی بوارەکاندا و شارەزاییەکی قوڵی لە کاری خۆیدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، پەیوەندییە ئەکادیمی و پیشەییە پتەوەکان و هەماهەنگیی نێوان دەرهێنەر و تیمەکان، بنەمای بەرهەمهێنانی فیلمێکی شایستەن. لەم پارەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینەسەر شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییە گرنگە.

**یەکەم: قۆناغی پێش بەرهەمهێنان:**

قۆناغی پێش-بەرهەمهێنان (Pre-production) بە قۆناغێکی چارەنوسساز لە پرۆسەی فیلمسازیدا دادەنرێت. ئەم قۆناغە، کە تێیدا کارێکی چڕ و جددی ئەنجام دەدرێت، وەک دارشتنی نەخشەڕێگای تەواوی فیلمەکە وایە. لێرەدا، تیمە پسپۆڕییەکان چالاکدەبن و ئەرکە سەرەتاییەکانیان جێبەجێدەکەن، بە ئامانجی سەرەکیی دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ ئەوەی قۆناغی وێنەگرتن بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بە کەمترین ئاستەنگ بەڕێوەبچێت. "قۆناغی پێش بەرهەمهێنان، ئەو کاتە دیاری کراوەیە لە مابەینی ئەو گرێبەستەی کردومانە یان ئەو ماوەیەی بۆمان دیاریکراوە بۆ بەرهەمهێنانی بەرنامەیەک. هەتا ئەو کاتەی دەست بە شوتینگ دەکەین. ئەو ماوەیە زۆر دیار نییە لە کاتی ئیشکردن، بەڵام ئەو ماوەیە، کرۆکی سەرکەوتنی پرۆژەکەمان دیاری دەکات. بەوەی زۆرترین وردەکاری تێدا بەرجەستە بکەین."(مەنسور،2010، 464)

**دوەم: قۆناغی بەرهەمهێنان:**

قۆناغی بەرهەمهێنان (production)، کارکردن یان وێنەگرتن لێرەوە دەستپێدەکات و هەمو دیمەنە ئامادەکراوەکان دەکەونە بەر لێنزی کامیرا و ڕوداو و بەسەرهاتەکان بەوێنا دەکرێن"لەم قۆناغەدا ئیدی بە چڕی کار دەست پێدەکات، سینەماکارەکان بەم قۆناغە دەڵێن (خولی هونەری فیلمەکە) ئەم قۆناغە هەنگاوەکانی ئەداکردنی پیشە سینەماییە هاوبەشەکانی جێبەجێکردنی پرۆسە هونەرەیەکانی فیلمەکە دەگرێتەخۆ، لەبەرئەوەی ڕۆڵی بەرهەمهێنان لەم قۆناغەدا گرنگیەکی تایبەت وەردەگرێت، چونکە بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان دەبێ زۆر بە چڕی پەیوەندی بەڕاییکردنی ورد و درشتی کاروبارەکانەوە هەبێ و هەنگاوبەهەنگاو لەگەڵ پرۆسەی وێنەگرتن دابێ و هەمیشە لە سەنگەر دابێ بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک کە سەرهەڵبدات یان لابردنی هەر ئاستەنگێک کە بێتە پێشەوە." (حەسەن، 2013، 119)

### سێیەم: قۆناغی دوای بەرهەمهێنان:

لەم قۆناغەدا(post-production) وێنەگرتن تەواو دەبێت و هەرچی دەنگ و وێنە هەیە دەچێتە ژوری مۆنتاژ، لەوێ پرۆسەکە بەکۆتادێت"دوای قۆناغی وێنەگرتن و دوبارە وێنەگرتنەوەی چەند دیمەن و گرتەیەک، ئەم قۆناغە دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی فیلمێک دروست بێت پرۆسەی پێکەوە لکانی دەنگ و ڕەنگ دەستپێدەکات، مۆنتێرێک یان چەن مۆنتێرێک بەم کارانە هەڵدەستن، (بڕین و ڕێکخستنی گرتەکان، دانانی موزیک و کاریگەرییە دەنگییەکان، دانانی کاریگەرییە وێنەییەکان، دابەشکردن" (اسبل ٢٠٢٤و موقع الکترونی)

### ١٠-٢ پەیوەندییەکانی دەرهێنەر:

دیدگای هونەریی دەرهێنەر، ئەو نەخشە ڕێگا فیکری و جوانیناسییەیە کە ناسنامەی ناوازەی فیلمێک دادەڕێژێت. لەسەر بنەمای ئەم دیدگایە، دەرهێنەر ئەو ژانر و شێوازە دیاری دەکات کە نەک تەنها لەگەڵ گێڕانەوە سینەماییەکەدا دەگونجێت، بەڵکو بە قوڵترین شێوە خزمەت بە هێڵە گشتییەکەی بکات. پاشان، ئەم تێڕوانینە یەکگرتوە دەگوازرێتەوە بۆ تەواوی تیمی فیلمسازی، کە دەبێت سەرجەم بڕیارە هونەری و تەکنیکییەکانیان لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی دەرهێنەردا جێبەجێبکەن. بۆ گەیشتن بە بەرهەمێکی هونەریی کامڵ و یەکپارچە، پێویستە هەمو گروپەکانی فیلم لە ئەکتەر و وێنەگرەوە تا دەگاتە مۆنتێر و دیزاینی دەنگ هاوتەریب و هاوئاواز بن لەگەڵ فەلسەفە و دیدگای بنەڕەتیی دەرهێنەردا. "دەرهێنەر ئەو فەرماندەریە کە هەرچی شتێک یان کەسێک لە و فیلمەی دروستی دەکات کاربکات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پەیوەندییان بەوەوە هەیە و لە ژێر فەرمانی ئەودا کارەکان ئەنجام دەدەن، کەواتە بۆ دروستکردنی هەر فیلمێک لە سیناریۆوە تاوەکو نمایشکردنی فیلمەکە لەژێر چاودێری دەرهێنەر دەبێت"(کەرکوکی، ٢٠١٠، ٨٨)، لە پێناو سەرکەوتنی گەورە دەبێت دەرهێنەر لەگەڵ ئەم گروپانەی خوارەوە پەیوەندییەکانی تۆکمە بکات و ڕاستەوخۆ فەرمانەکانی جێبەجێبکەن.

یەکەم: لەگەڵ نوسەری دەق یان سینارێست

دوەم: لەگەڵ بەرهەمهێنەر

سێیەم: لەگەڵ بەڕێوەبەری وێنەگرتنDOP

چوارەم: لەگەڵ ئەکتەرەکان

پێنجەم: لەگەڵ مۆنتێر

شەشەم: لەگەڵ دیکۆرێست

حەوتەم: لەگەڵ ئاواز دانەر (کۆمپۆزەر)

هەشتەم: لەگەڵ تۆمارکار و ڕێکخەری دەنگ

نۆیەم: لەگەڵ ماکێر

**٢-١١ گرنگترین خاڵەکانی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:**

١- بناغەی هەر بەرهەمێکی سینەمایی لە دەقەوە سەرچاوە دەگرێت.

٢- لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، ئینتەرنێت وەک گەورەترین دەستگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری خزمەت و سودی زۆری بە پێشکەوتنی سینەما گەیاندوە.

٣- گێڕانەوەی سینەمایی شێوازی پێشکەشکردنی چیرۆکێکە لە ڕێگەی وێنە و دەنگ و جوڵەوە.

٤- سینەما سیستەمێکی هونەری و تەکنیکی و فیکری ورد و دەوڵەمەندە، لەسەر کۆمەڵێک بنەمای زانستی و ئەکادیمی دامەزراوە.

٥- فیلم بە پشتبەستن بە تەوەرەکانیان و بابەت و شێوازی گێڕانەوە و کاریگەری و تایبەتمەندی، پۆلێن دەکرێن بۆ ژانرەکان.

٦- شێواز وشەیەکی گشتگیرە چونکە لە هەمو بڕیارەکانی دەرهێنەر ڕەنگ دەداتەوە، ناسکی لە هەست و هێزی بیرکردنەوە وای لێدەکات جیاواز بێت.

٧- قوتابخانە سینەماییەکان بریتین لەو بزوتنەوە و ڕەوتە هونەری و فیکرییانەی کە کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی سینەما لە سەرانسەری جیهاندا هەبوە.

٨- دەرهێنەری فیلم کەسێکی ڕۆشنبیر و خاوەن کاریزمایەکی بەهێزە، زانیاری لەهەمو پرۆسەی بەرهەمهێناندا هەیە و لە هەرشتک هەندێک دەزانیت و لەکارەکەی خۆشی هەمو یان زۆر شت دەزانێ.

٩- لە پیناو بەدەستهێنانی ئەنجامێکی زۆر باش هەمو شتێک دەبێت هاوتەریب و گونجاو بێت لەگەڵ بیروباوەڕ و دیدگای دەرهێنەر.

**٢-١٢ توێژینەوەکانی پێشو:**

سەرەڕای زۆریی نوسینەکان لەسەر سینەما لەم ساڵانەی دواییدا، زۆرینەیان بابەتی ڕۆژنامەوانین و بنەمایەکی ئەکادیمی پتەویان نییە، چەند ماستەر نامەیەکم لەسەر سینەما دەستکەوت و بەوردی لێیانمکۆڵیەوە لە ئەنجامدا بۆم دەکەورت کە ئەو ماستەر نامانە بە وردی باسیان لە بەوێناکردنی دەق نەکردوە، تەنها هەندێکیان باسیان لە ڕۆڵی دەرهێنەر و قوتابخانە سینەماییەکان و تەکنیک و قۆناغەکانی بەرهەمهێنان کردوە کە ئەمانەی خوارەوەن.

**یەکەم:**

توێژینەوەی خوێندکار (هیوا محەمەد لەتیف) بە ناونیشانی"کاریگەری قوتابخانەکانی دەرهێنانی سینەمایی لەسەر دەرهێنەری کورد" لە بەشی سینەما و شانۆی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی ٢٠٢٣ بە میتۆدی شیکاری وەسفی ئەنجامدراوە.

**دووەم:**

توێژینەوەی خوێندکار (کەریم غەفور فەتاح) بە ناونیشانی"جینۆساید لە فیلمی کوردیدا" لە بەشی سینەما و شانۆی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی ٢٠٢٣ بە میتۆدی شیکاری وەسفی ئەنجام دراوە.

**سێیەم:**

توێژینەوەی خوێندکار (دانا محەمەد عەبدوڵا) بە ناونیشانی"تەکنیک و تەکنەلۆژیا لە سینەمای کوردیدا" لە بەشی سینەما و شانۆی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی ٢٠٢٣ بە میتۆدی شیکاری وەسفی ئەنجامدراوە.

**بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی توێژینەوە:**

**١-٣ کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی مەبەستدار یەک نمونە بە کارهێنراوە بریتییە لە فیلمی سینەمایی(بێکەس) سیناریۆ و دەرهێنانی کارزان قادر، ئەوەی شایەنی باسە لەم فیلمەدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکیش تیشکخراوەتە سەر بە وێناکردنی هێما و ئاماژەکانی ناو دەق یان سیناریۆ، دەرهێنەر ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەوێناکردنی ڕوداوە درامییەکانی ناو دەق، کە ئەمەش ئەرکی سەرەکی دەرهێنەرە.

**٢-٣ ئامرازەکانی توێژینەوە:**

١- بینینی فیلمەکە لە ڕێگەی شاشەی هۆڵی سینەما

٢- سودوەرگرتن لە هەمو ئەو بابەت و نوسینە ڕەخنەییانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەسەر فیلمی (بێکەس) بڵاوکراونەتەوە.

٣- -تێبینی و ئەزمونەکانی توێژەر چ وەک سینارێست یان دەرهێنەری سینەمایی.

**٣-٣ میتۆدی توێژینەوە:**

بەمەبەستی توێژینەوە و وردبونەوە هەڵسەنگاندنی فیلمی (بێکەس) لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی و زانستی باشترین میتۆد بۆ ئەم کارە میتۆدی (شیکاری وەسفی)یە، بۆیە ئێمەش ئەم میتۆدە دەکەینە بنەمای توێژینەوەکەمان.

**٤-٣ شیکردنەوەی نمونەی توێژینەوە:**

**فیلمی سینەمایی (بێکەس)**

**یەکەم: زانیاری**

نوسین و دەرهێنان: کارزان قادر، ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠١٢، ماوەی فیلم: ٩٧ خولەک، ژانر: کۆمیدیی و درامی، وڵاتی بەرهەمهێن: سوێد و فینلاند و عێراق، خەرجی فیلم: نزیکی دو ملیۆن یۆرۆ، شوێنی وێنەگرتن: هەرێمی کوردستان- عێراق – شاری کۆیە، زمانی فیلم: کوردی، بەرهەمهێنەر: ساندرا هارمس، بەرهەمهێنەری هاوبەش: ئالان عەلی، ئەلێکسی برادی، دەرون نەوزاد مەجید، لاین پرۆدیوسەر: ئیفییل ماتسون، موزیک: جوهانا لیهتینیمی، سینەماتۆگراف: جۆهان هۆڵماکڤیست، مۆنتاژ: میخایل لیسزلوسکی، سابستیان ڕینگەر، بڵاوکار: کۆمپانیای گولف فیلم.

### دوەم: ئەکتەرەکان

زەمەند تەها، سەروەر فازڵ، دیا مەریوان، سلێمان کەریم، ڕەحیم حوسێن، عەبدولرەحمان محەمەد، شیروان محەمەد، بەهادین هەڵەبجەیی، نەوزاد مەجید، بەکر مستەفا، باخان محەمەد، محەمەد سەڵاح، بینایی بەهمەن، ئاری محێدین، خانی نەبەز، هەریاد سەباح، جوتیار ناسیح، کامەران نوری، سیڤان کامەران، شوان محەمەد، ئاشنا ڕەئوف، زانا حوسێن، ڕێبوار حەمە هەورامی، بەهزاد جەلال، عەتا حەمە ساڵح، عەلی توانا.

### سێیەم: بیرۆکەی فیلمی سینەمایی بێکەس

باس لە بەسەرهاتی دو مێردمنداڵی کوردی بێکەس دەکات، دەیانەوێت لە کوردستانەوە بە گوێدرێژەکەی خۆیان کە ناویان ناوە مایکڵ جاکسن سەفەر بۆ ئەمەریکا بکەن.

### چوارەم: تێڕوانین و فەنتازیای دەرهێنەر

فیلمەکە لە ڕێگای گێڕانەوە سینەماییەکەی و پەیبردنی دەرهێنەر بە وردەکارییەکانی ژیان و توێژینەوە لە کۆمەڵگایەکی فەرامۆشکراو و مەزلوم و نمونەی هێناوە بە دو منداڵی پاک و جوان و بێ خەوش، تیشک دەخاتە سەر سەختی و ئازارەکانی ژیانێکی سادە و پڕ لەخۆشی و دلسۆزی و وەفا و یەکتر خۆشویستن. لەو باریکە ڕێگایەدا قوڵ دەبێتەوە ناو خەون و حەزە ئەستەمەکانی دو منداڵی پاڵەوانی فیلمەکە، دەرهێنەر لە ڕێگای ئەکتەر و تەکنیکە بەکارهاتوەکانیدا دەیەوێت پێمانبڵێت کە سەختی بارودۆخی ئەو دومنداڵە ڕێگر نییە لەبەردەم خەون بینینی ناوازە و ئەستەم، لەخەوندا جیهان جۆرێکی ترە، ئازادییەکان ڕەهان و سنورەکان بونیان نییە، کەچی لەژیانە ڕاستەقینەکەی خۆیان هەمو شتەکان سنوردارن و ئازادییەکان پێشێل کراون، بەڵام بێتاوانی و ساکاری (زانا و دانا) لەوەی کە خۆیان ژیانێکی وەها پڕگێژاویان بۆخۆیان هەڵنەبژاردوە و ئەوان خاوەن بڕیاری وجودی خۆیان نین و زۆربەی شتەکان بەدڵی ئەوان ڕێگای شیاو وەرناگرێت، بۆیە هەوڵ دەدەن واقیعە تاڵەکەی ژیانیان بەدەستی خۆیان بگۆڕن.

### پێنجەم: جوانییەکانی شێوە و ناوەڕۆکی فیلمی (بێکەس)

#### ١-کات:

زەمەن لەم فیلمەدا باس لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن دەکات کە لەوکاتەدا بۆ یەکەمین جار ئەم دو برایە فیلمی سوپەرمان دەبینن و ئیدی بڕیار دەدەن لەو ژیانە پڕ نەهامتییەی ئەوکاتەی عێراق هەڵبێن و ڕوبکەنە وڵاتەکەی سوپەرمان، بۆ ئەمەش تەنها نەخشەیەک و گوێدرێژێک و دو پاسپۆرتی بەدەست دروستکراویان هەیە.

**٢- شێوازی هونەری:**

دەرهێنەر کارزان قادر، بۆ قوڵکردنەوەی کاریگەرییە سۆزدارییەکان، شێوازی دەرهێنانی خۆی لەسەر بنەمای گێڕانەوەیەکی سادەی واقیعی دارِشتوە. بە شێوەیەکی ستراتیژی سودی لە چەندین گرتەی هونەری و گۆشەی کامێرای پڕ گوزارشت وەرگرتوە. ئەم زمانەوێنەییە، بە شێوەیەکی کاریگەر خزمەت بە گەیاندنی قوڵاییە ئەدەبی و هونەرییەکانی ناو پەیامی فیلمەکە دەکات و پردی پەیوەندیی نێوان بەرهەمەکە و بینەر پتەوتر دەکات.

**٣-سادەیی و قوڵایی:**

فیلمەکە پشت بە گێڕانەوەیەکی سادە دەبەستێت، ئەمەش وا دەکات لە دڵەوە نزیک بێت. ڕوداوەکان بە ئاسانی تێپەڕ دەبن، ئەمەش وا دەکات بینەران پەیوەندییان بە کارەکتەرەکانەوە بەردەوام بێت و لێی دانەبڕێن.

**٤-پلۆت:**

پلۆتەکان باس لە گەشتی ئەو دو برایە دەکەن ڕووەو گەیشتن بە خەونەکەیان، ڕەنگدانەوەی خواستەکانی منداڵانە لە بارودۆخێکی سەختدا، ئەمەش قوڵایی مرۆیی بۆ چیرۆکەکە زیاد کردوە.

**٥-کارەکتەرەکان:**

فیلمەکە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی کارەکتەرەکانە لە ڕێگەی ئەزمونی ژیانیانەوە، ئەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە سڵی لێناکەنەوە و بەردەوام لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان.

**٦-ئەکتەرەکان:**

نمایشی ئەکتەرەکان، بەتایبەتی منداڵەکان، زۆر بەهێز و پڕ جولە بون، یارمەتیدەر بون بۆ وێناکردنی ئازار و هیواکانیان بە شێوەیەکی واقیعی.

**٧-سینەماگرافی:**

وێنەگرتن و دیزاینی ڕوناکی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە قوڵکردنەوەی گێڕانەوەی درامیی فیلمەکەدا، بەشێوەیەک کە شێوازێکی بینراوی واقیعگەرانە (ڕیالیستی) دەخولقێنن و هەستی واقیعێکی بێ ڕتوش بە بینەر دەبەخشن. دەرهێنەر، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری وێنەگرتندا، ڕوناکی تەنها وەک ئامرازێکی ڕوناککردنەوە بەکارناهێنێت، بەڵکو وەک کەرەستەیەکی گێڕانەوەی ستراتیژی دەیخاتە خزمەت دەرخستنی ململانێی سەرەکیی نێوان هیوا و نائومێدییەوە. بەمەش، ڕوناکی دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دۆخە دەرونییەکانی کارەکتەرەکان و جەخت لەسەر هەستە جیاوازەکانیان دەکاتەوە.

**٨-موزیک:**

موزیک لەم فیلمەدا تەنها وەک پاشبنەمایەکی دەنگی کارناکات، بەڵکو وەک توخمێکی کارای گێڕانەوە بەکارهاتوە. کۆمپۆزەرەکان بە وردی کاریان لەسەر داڕشتنی ڕیتمێک کردوە کە هاوتەریبە لەگەڵ دۆخە دەرونییەکانی کارەکتەرەکاندا

و ئاستی گوزارشتە سۆزدارییەکان بەرزدەکاتەوە. ئەمەش وا دەکات کە کاریگەرییەکی دەرونیی بەردەوام لەسەر بینەر دروست بکات و تەنانەت دوای تەواوبونی فیلمەکەش، بینەر لەگەڵ یادەوەریی ڕوداوەکاندا بهێڵێتەوە.

**٩-سوپەرمان وەک هێما و ئاماژە:**

کارەکتەری سوپەرمان، وەک هێمایەکی بەهێز، نوێنەرایەتیی هیوا و ئازادی دەکات. ئەم کارەکتەرە، دەبێتە ئاسۆیەکی دەرونی بۆ خواست و ئارەزوە سەرەتاییەکانی منداڵان، وەک میکانیزمێکی دەربازبون لەو واقیعە سەخت و پڕ لە بێبەشییەی تێیدا دەژین؛ واقیعێک کە تێیدا سەقامگیریی خێزانی، سۆزی دایک و باوک، و هەستی ئارامی بونی نییە. لەم چوارچێوەیەدا، سوپەرمان تەنها پاڵەوانێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو دەبێتە بەرجەستەبونی فانتازیای ڕزگارکەری موتڵەق، ئەو هێزەی کە توانای گۆڕینی چارەنوسیانی هەیە. ئەو ئاسۆ گەشەی کە لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە وێنای دەکەن، بریتییە لە گەیشتن بە دۆخێکی ئایدیالی لە ئاسودەیی و ئاسایشی هەمیشەیی و پشتکردن لە ڕابردویەکی پڕ لە ئاستەنگ.

**١٠-مرۆڤایەتی:**

لە کاتێکدا زۆربەی کارەکتەرەکان لە چاوەڕوانیی ئاسۆیەکی ڕوناکدان بۆ ڕزگاربون لەو شەوەزەنگەی تێیکەوتون، سیناریۆکە بە شێوەیەکی ستراتیژی، چەقی گێڕانەوەکەی لەسەر دو کارەکتەری سەرەکی، (دانا و زانا)، چڕ دەکاتەوە. ئەوان دەبنە ئەو تەوەرەی کە تەواوی پێکهاتە درامییەکە بە دەوریدا دەخولێتەوە. ئەم تەکنیکە لە نوسینی سیناریۆدا، نەک تەنها سەرنجی بینەر بە قوڵی ڕادەکێشێت، بەڵکو ڕێگە خۆشدەکات بۆ چڕکردنەوەی پەیامە سەرەکییەکە و ڕێگریکردن لە پەرشوبڵاوی. لە ڕێگەی گەشتی ئەم دو پاڵەوانەوە، پەیامە ئەرێنی و کاریگەرەکەی فیلمەکە بە شێوەیەکی ڕون و یەکپارچە دەگاتە بینەر.

**بەشی چوارەم:**

**٤-١ ئەنجام:**

١- فیلمی سینەمایی (بێکەس) لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی ئەنجامدراوە و زۆر بە جوانی زمانی وشە کراوە بە زمانی وێنە.
٢- تێکەڵکردنی گێڕانەوەی سینەمایی بە کاریگەری وێنەگرتنی سینەمایی و تەکنیکە بەرزەکان، فیلمی سینەمایی (بێکەس)ی جوانتر کردوە.
٣- فیلمی (بێکەس) بەئەزمونێکی جوان و ناوازە دەژمێردرێت، کە بە ورودی لە پرسە مرۆڤایەتییەکان قوڵدەبێتەوە.
٤- شێواز و ژانر ی فیلمەکە ڕەنگدانەوەی دنیا بینی دەرهێنەرە بۆ ئەزمونی منداڵان لە ژینگەیەکی سەختدا.
٥- فیلمی(بێکەس) لە ڕێگای خەونبینیەوە پەیامێکی بەهێز دەگەیێنێت.
٦- فیلمی (بێکەس) ئەو پەیامە دەگەیێنێت مرۆڤ لە سەخترین بارودۆخدا دەتوانێ تێکۆشان و خەبات بکات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی.

**٤-٢ دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

1-هەمو دەقێکی نوسراو دەشێت لە پرۆسەیکدا بە وێنا بکرێت و لەنوسینێکی بێگیاندا ببێتە وێنەیەکی زیندو.
2-پرۆسەی بە وێناکردنی دەق یان سیناریۆ پرۆسەیەکی ئاڵۆز و سەختە تەنها کەسانی تایبەت مەند و خاوەن فکر و ڕۆشنبیرییەکی بەرز دەتوانن لە گۆڕینی بۆ وێنەی سینەمایی سەرکەوتوبن.
3-تەکنیک و تەکنەلۆژیا هاوکارێکی باشە لە گێرانەوە سینەماییەکان و بە وێناکردنی دەق.

4-پەیوەندییە بەتینەکانی نێوان دەرهێنەر و ستافەکانی هونەری تەکنیکی ڕێژەی سەرکەوتن بەرز دەکاتەوە.
5-نوسەر دەتوانێت سود لەزۆر سەرچاوە وەربگرێت بۆ ئەوەی بیرۆکەیەک یان دەقێک بکاتە سیناریۆی فیلمی سینەمایی.
6-ئەکتەرەکان جوڵە دەخەنە هەر فیلمێک و لە ڕێگای ئەوانەوە چیرۆک دەگاتە بینەران، بۆیە بە داینەمۆی فیلم ئاماژەیان بۆ دەکرێت.
7-تایبەتمەندییەکانی شێوازی دەرهێنان و قوتابخانە و ژانر و شەپۆڵەکانی سینەما کاریگەریان لەسەر گێڕانەوە سینەماییەکان هەیە، دەتوانن هۆکارێکی باش بن بۆ دروستکردنی پردی بەهێزی پەیوەندی نێوان دەق و فیلم و بینەراندا.

## ٤-٣ پێشنیارەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا پێشنیار دەکەین، توێژینەوە بەم ناونیشانانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت:

١- پەیوەندی نێوان دەرهێنەر و سینارێست بۆ بە وێنەکردنی دەق لە فیلمی سینەماییدا.
٢- جوانییەکانی بەکارخستنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا بۆ بە وێنەکردنی دەق لەفیلمی سینەماییدا.

## ٤-٤ سەرچاوەکان:


اريخون، دانيل،(١٩٩٧)قواعد اللغة السينمائية، ترجمة احمد الحضري، الهيئة المصرية العامة للكتاب
بوجر،جوزيف،(١٩٩٥)، فن الفرجة على الافلام، ترجمة وداد عبدالله، الهيئة المصرية العامة للكتاب
جاكسون، كيفن،(٢٠٠٨)، السينما الناطقة، ترجمة علام خضر، وزارة الثقافة المؤسسة العامة للسينما- سوريا
جبارة، كوثر،(٢٠٢١)، الرواية العربية بين النص المقروء و النص الادبي، الطبعة الاولى، بغداد دار العالي
جنگیز، ولیام(٢٠٠٨)، ئەدەب و هونەری سینەما، وەرگێڕانی لە فارسیەوە ئەسکەندەر مستەفا، سۆران چاپخانەی شوان
حنفي، حسن (٢٠١٧) دراسات فلسفية، مؤسسة هنداوي، الطبعة الاولى
حەسەن، ئیڤان ناسر،(٢٠١٣)، بنەماکانی بەرهەمهێنانی سینەمایی، هەولێر چاپخانەی ڕۆشنبیری
دولوز، جيل،(١٩٩٧)، الصورة-الحركة او فلسفة الصورة، ترجمة حسن عودة، منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة العامة للسينما
ربة،رائد،(٢٠٠٩)فن كتابة السيناريو، الاردن، عمان، دار الجادرية للطباعة و النشر
رۆم،میخایل،(٢٠١١)، پەیڤین لەسەر دەرهێنانی سینەمایی، وەرگێڕانی ئازاد کەرکوکی، کەرکوک مەکتەبی ڕاگەیاندنی(ی ن ک
مەنسور، برزۆ،(٢٠١٠) پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن، هەولێر چاپخانەی ڕۆشنبیری
ئەزیز، دارۆ،(٢٠١٨)سکرینپلەی، چاپی یەکەم، سلێمانی چاپخانەی تەژنە
Webster’s Dictionary, (1993), U.S.A Lexicon Publications
Monaco, James. 2009. How to Read a Film: Movies, Media, and Beyond. Oxford University Press
کەرکوکی، ئازاد،(٢٠١٠)، پەیوەندی دەرهێنەری سینەمایی لەگەڵ ستافەکانی فیلم، گۆڤاری فیلم ژمارە ٢، سلێمانی چاپخانەی پیرەمێرد)
کەرکوکی، ئازاد،(٢٠١٠)پەیوەندی نێوان سینەما و ئەدەب،گۆڤاری فیلم، ژمارە ٤، سلێمانی چاپخانەی پیرەمێرد
مەحمود، موئەیەد،(٢٠١٠).داهێنان مەرجی دەرهێنانە،گۆڤاری فیلم ژمارە ٣، سلێمانی چاپخانەی پیرەمێرد
موقع فيلمورا، اسبل، احمد، (٢٠٢٤)، (https://filmora.wondershare.ae/l تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٥/٢٠